فڕۆکەکانی تورکیا چیای مەتینای لەسنووری قەزای ئامێدی سەربە پارێزگای دهۆک بۆردوومان کرد

کەمێک پێش ئێستا، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا چیای مەتینای لەسنووری قەزای ئامێدی سەربە پارێزگای دهۆک بۆردوومان کرد، بەهۆی بۆردوومانەکەوە ئاگرێکی فراوان لە ناوچەکە کەوتەتەوە.

پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە (1ـی تەمموزی 2024)، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا چیای مەتینای لەسنووری شارۆچکەی ئامێدی سەربە پارێزگای دهۆک-یان بۆردوومان کرد، بەوهۆیەوە ئاگرێکی فراوان لە سروشتی ناوچەکە کەوتەوە.

شایەنی باسە، ماوەی چەندین ڕۆژە فڕۆکەکانی تورکیا بەچەی بۆردوومانی ناوچە جیاوازەکانی سنووری دهۆک و ڕۆژهەڵاتی هەولێر دەکەن و جگە لەوەش لەشکرەشی گەورەی کردەتە ناوچەکە و بازگەیان داناوە و داوای ناسنامە لە هاوڵاتیان ئەو ناوچانە دەکەن.